وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
ب.گرێبەستە گشتییەکان

وزارة الداخلية
محافظة أربيل
مديرية العقود العامة

ژمارە: ٥٦

/ ٢ / ٤ / ٢٠٢١ زاینی

# ئـاگـاداری

## ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە ( ١٩ )

## پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کۆد (106.HM.05)

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (نۆژەنکردنەوەی شەقامی (٢٠)م بازاری سورچی + تەواوکردنی کەمپی ئاوارەکان لە بەحرکە ) کە (سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ) پێی هەلدەستێت. جا هەر بەلێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەلێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر(١١)ی نیوەڕۆ ڕۆژی ( ٥ شەممە ) ڕێکەوتی ١٨ / ٥ / ٢٠٢١ دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە کرێی بلاو کردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

## مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر :

- کۆمپانیای بیناسازی لە پلە ( ٧ ) کەمتر نەبێت ونوێ کراوە بێت .
- پشتگیری باجی دەرامەت نوێ کراوە بێت بۆ ساڵی ٢٠٢١ .
- بەلێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لە نیوان بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان وبەلێندەر بکرێت ولەگەل تەندەر پیشکەش بکرێت بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت .
- ماوەی پرۆژە (١٢٠) ڕۆژی تقویمی
- سزای دواکەوتن (٤٥٠,٠٠٠) دینار بۆ یەك ڕۆژ .
- کاتی بەسەر چوونی تەندەر (٩٠ ) ڕۆژ لە بەرواری پێکەشکردنی تەندەر .
- بەلێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش کرینی تەندەر بەسەردانی کردنی بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر.
- فرۆشتنی تەندەر ( ١٥٠,٠٠٠) سەد وپەنجا هەزار دینار کە ناگەرێتەوە ،وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)دوای نیوەڕۆ دەبێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای کات و ڕۆژی دیاریکراو لە سەرەوە .
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت .

تێبینی : دوو ڕۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .

ئومێد خۆشناو
پارێزگاری هەولێر
٢٩ / ٤ / ٢٠٢١

## وێنەیەك بۆ :

- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەل ڕێزماندا ...
- سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەل ڕێزماندا ...
- بەرێوەبەرایەتی تەندەرەکان
- بەرێوەبەرایەتی ژمێرباری
- بەرێوەبەرایەتی پلان دانان.
- بەرێوەبەرایەتی (I.T)

بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست...

- ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگادارییەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا ...
- ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگادارییەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل ڕێزماندا ...
- یەکیەتی بەلێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست
- پرسگە / بۆ هەلواسینی ئاگادارییەکە .
- خولاو

فرهاد ٤/٢٨